مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی باڵا لە سلێمانی کۆدەبنەوە

کەمێکیتر بە ئامادەبوونی بافڵ جەلال تاڵەبانی لە دەباشان مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی باڵا لە سلێمانی کۆدەبنەوە و یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکەش پرسی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کەرکوك و نەینەوایە.

میدیای فەرمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیاند: "لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کەرکوك و نەینەواو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت".

پێشتر سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیاندبوو: "دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی لەئێستادا زۆر گرنگە، بەتایبەت لەدوای ئاڵۆزبوونی دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، بەتایبەتتریش لەدوای بەکارهێنانی درۆن و شەڕوپێکدادان لەچەند پارێزگاو شوێنێکی هەرێم و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئارامی و سنوور بەزاندنی خاکی هەرێم".